www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەیامێکی کورت بۆ ئەوانەی ڤایرۆسم بۆ دەنێرن ... ئەردەڵان عەبدوڵلا

تیرۆر تەنها کوشتنی مرۆڤ نییە، بەڵکە تیرۆر چەندین شێوازی هەیە. لەو کاتەی کەشارستانی مرۆڤایەتی هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوەناوە، وە ئەم پێشکەوتنەش بۆتە مایەی خۆشحاڵی هەموو مرۆڤێک کە قیمەتی مرۆڤایەتی خۆی دەزانێت. ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر دوو داهێنانی مەزنی مرۆڤایەتین. ئەم داهێنانە مەزنە وای کردووە، کەهەموو سنوورەکۆنەکانی جاران ببەزێنێت و هەموو دیوارە گەورەو ڕەشەکان بڕووخێنێت. لێ بەداخەوە وەکوو هەموو کات کۆمەڵێک جنۆکەو دڕندە کە بەرگی مرۆڤیان پۆشیوە، ئەم داهێنانە مەزنە بۆ مەرامی بۆگەن و پیسی خۆیانی بەکاردەهێنن. ئەو کەسانەی کەلەجیاتی ددان کەڵبەیان هەیە، لەجیاتی نینۆک چرنۆکیان هەیە. ئەوانەی کەهەمووکات لە هەرکوێیەک بن تەنها بیر لەخراپەدەکەنەوە. ئەوانەی کەهیچ کات بیری چاکەو مرۆڤایەتی لایان میوان نییە. ئەوکەسانە کەلەجیاتی وەکوو هەموو مرۆڤێکی سەرڕووی ئەم زەمینە، ئینتەرنێت بۆ شتێکی سوودمەند بەکاربهێنن و خزمەتی خۆیان وگەلەکەیانی پێبکەن، لێ بەداخەوە ئینتەرنێت بۆ شتی خراپ و تێرکردنی دەروونی نەخۆشیان بەکاردەهێنن.

ماوەی مانگێکە لەڕێگای کۆمەڵێک ئەدرەسی نەگریسەوە، ئیمایلی ڤایرۆساویم بۆ دێت. سەرەتا شتەکەم بەئاسانی وەرگرتبوو، لێ ماوەیەکە ڕۆژ لەدوای رۆژ ڤایرۆسم بۆ دێت.

Fazil968@hotmail. com ئەم ناوە نەگریسە ترسنۆکە ماوەیەکی زۆرە ڤایرۆسم بۆ دەنێرێت. ئەم فازیلە وابزانم تەنها فەزلی چەقۆکێشی لەژیانیدا فێربووە. باشترە ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ ڤایرۆس چونکە هەردوو ناو لەسەر یەک وەزنن و پێدەچیت ڤایرۆسیش گونجاوتر بێت بۆی. ڤایرۆسێکی تر بەناوی Omed972@yahoo.com ئەم ڤایرۆسەش کۆمەڵێک ئیمایلی ڤایرۆسی بۆناردووم، کە پێدەچێت ئەم ڤایرۆسەش سەر بە خانەوادەی ڤایرۆسەکەی پێشووتربێت. پێشتر وام دەزانی تەنها من ئەم ڤایرۆسانەم بۆ دێت، لێ دوێنێ ڤایرۆسێکیان بەناوی (کوردستان نێت) وە بۆ ناردبووم. دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا سیاسەتێکی زۆر بێ ئەخلاقانەیە، چونکە ئەمە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی کێشە لەنێوان خەڵکیدا. بەپەلە تەلەفوونم بۆ هاوڕێ و برای خۆشەویستم عومەرفارس کرد و باسی ئەم ڤایرۆسانەم بۆ کرد، لێ بەرێزی پێی ووتم، کەئەو لەمێژە ئەم ڤایرۆسانەی بۆ دێت و رۆژانە سەدەیا ڤایرۆسی بۆدەنێرن. ئاخر کوردستان نێت چی لێکردوون واکەوتوونەتە دژایەتی کردنی، بەراستی کوردستان نێت گەورەترین خزمەتی بە بیری ئازادی کوردی کردووە. بەراستی هەر کەسێک یان حیزبێک کە ئەم کارە نامەردانە دەکات، تەنها وتەنها خەڵکانی چەقۆکێش و موفلیس وریسوان. ئەم کارە نیشانەی ئیفلاس بوونی سیاسی وفکریانە. ئاخر گەر کەسێک یەک تۆز ئەخلاقی تێدابێت ئەم کارانە ناکات. ئەم کارە پێی دەڵێن تیرۆر، باشترە ئەو کەسانە واز لەم کارە بهێنن چونکە گەر بەردەوام بن، ئەوا خۆیان تووشی کێشەی زۆر دەکەن و خەڵکیش ناچارە بۆ پارێزگاری کردن لەخۆی، هانا بۆ یاسای ئەم دەوڵەتانە بهێنێت، پێدەچێت لەکوردستان و عێراق دا تیرۆرکردنی مرۆڤ ئاسان بێت، بەڵام لەم وولاتانە ئاسان نییە. لەوانەبێت ووتارەکانم بەری دڵی چەند حیزبێک یان کەسانێکی گرتبێت، لێ باشترە ئەو کەسانە بەم شێوەیە وەڵامم نەدەنەوە، بەڵکە شێوازی تر هەیە بۆ وەڵام دانەوە. هیچ کات من ئەم جۆرەکارانە تۆزقاڵێک لە وورەی بەرزم کەم ناکاتەوە، بەڵکە بەپێچەوانەوە هێندەی تر وورەم بەرزدەکاتەوە.